# چەواشەگەری ماسمێدیا
# لە پەخشی هەواڵی دەسگیرکردنی سەددام دا!




رۆژی ٢٠٠٣/١٢/١٤ ماسمێدیای جهانی هەواڵی گرتنی (سەدام حسێن)ـی بڵاو کردەوە، رۆژی ١٢/١٥یش هەواڵەکە بوو بە سەردێڕی رۆژنامەکان.

رۆژنامەی (Dagens nyheter ,DN = داگس نیهێتەر) بەم جۆرەی نووسیوە: {گرتنی سەددام حسەین بە هاوکاری هێزە تایبەتیەیکانی ئەمریکا و سەربازە کوردەکان و بەڵەدەکانی ناوچەکە ئەنجام درا.}.

رۆژنامەی (CITY = سیتی) بەو جۆرەی نووسیوە:
{سەددام حسەین بە هاوکاری سەبازە ئەمریکییەکان و (PUK) گیراوە.}.

رادیۆی کوردی ( زایەڵە) رادیۆی رەسمی دەوڵەتی سوید لە رۆژی چوار شەمە ٢٠٠٣/١٢/١٧ هەواڵەکەی بەم جۆرە بڵاو کردەوە:
{لە عەمەلیاتی گیرانی سەددام دا ٦٠٠ سەربازی ئەمریکایی و پێشمەرگەی کورد بەشدار بوون، **دەگوترێ** کە سەرۆکایەتی ئەو تیمەی کە سەددامی گرت بە (کۆسرێت رەسول) ئەندامی سەرۆکایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە. **بەڵام هێزەکانی ئەمریکایی ئەم دەنگۆیەیان جارێ**

**پشتراست نەكردوەتەوە**. هەر چەندە سەددام لە کاتی گیرانی چەکی پێ بووە، بەڵام لە گوێن ( پرۆمێر) حاکمی ئەمریکایی ئێراق بە بێ هیچ دەسکردنەوەیەک خۆی بەدەستەوە دا. لێکۆڵینەوەی پزشکی ‹DNA› پیشانی داوە کە گیراو خودی سەددام حسێنە.}.

ئەو هەواڵانە، لە لایەن سێ ناوەندی خەبەری سویدەوە پەخش کراوەتەوە.
دەستگیرکردنی رابەری ئێراق بەگشتی کارێکی گرنگ بوو، بە تایبەتی کە هێزێکی سیاسی و سەربازی کوردستانیش لە گرتنیدا دەور و رۆڵی گێڕابێت لە مەیدانی سیاسی جهانیدا رەنگدانەوەکەی بۆ دوا رۆژی کوردستان گەلێ گرنگتر دەبێت. گەلی کورد مافی خۆیەتی لەم دەسکەوتە، دەسکەوتی سیاسی بۆ چارەنووس و دەسەڵاتی سیاسی کوردستان بەدەس بێنێت!
راستە PUK لە گرتنی ‹ سەددام حسێن› لەم مانگەدا و گرتنی ‹ تاها یاسین رەمەزان› لە مانگی ئاگۆستی ئەم ساڵدا چالاک بووە و ئەرکی خۆی ئەنجامداوە، بەڵام ئەوانە **بەرهەمی خوێنی شەهیدانی کوردستانە**. **دەسکەوتی هەموو حیزبەکانی کوردستانە بە گشتی و باشوری کوردستان بە تایبەتی**!
ئەوەی لەم نووسراوەدا دەمەوێت باسی بکەم جۆری گوزارشەکەی رادیۆ زایەڵەیە.
لە پێشدا سەرنجتان رادەکێشم بۆ وتووێژێکی رادیۆ زایەڵە لە گەڵ کاک (هەژیر تەیموریان) موفەسیری رادیۆ و تەلەڤیزیۆنی( BBC ) لە یەکم بەرنامەی رادیۆی کوردی زایەڵە، کە کاک (ناسر سینا) یەکێ لە کارمەندەکانی هەمان رادیۆ ئەنجامیداوە.

{ـ رادیۆ زایەڵە : پابلیک سرویس یەعنی چی ؟
ـ کاک هەژیر:{پابلیک سرویس یەعنی خدمەت بە عمووم، خدمەت بە مردم یەعنی نە لزومەن دەوڵەت. بابلیک سرویس یەعنی ئەو سیستمی رادیۆ و تەلەڤیزیۆنییە کە موتەعەلق بە دەوڵەت نییە، هی بەشی خوسوسی نییە، عیدەیەک لە ناو مردم ئینتخاب دکرێن لە تەریقی خودی مردم کە نزارەت بکەن بەر ئەو سیستمە کە مەسەلەن تەرفێک حیزبێکی مەخسوس نەگرێت بێ

ئینساف نە بێت، نوێنەری تەواوی مردم بێت نە دەوڵەت یا کۆمپانییەکانی خوسوسی و هیچیتر.

ـ رادیۆ زایەڵە: ئەم ئیستلاحی پابلیک سرویسە چەند ساڵە هاتوەتە ناو ماسمێدیاوە؟.

ـ کاک هەژیر:بەراستی نازانم، بەڵام فکر ئەکەم لەگەڵ ( BBC ) لە بەینی شەری یەکەم و شەری دووهەمی جهانی دروست بووە.

ـ رادیۆ زایەڵە: ئایا لەو وڵاتانەی کە کورد تێیاندا دەژی تجربەی پابلیک سرویس هەبووە؟

کاک هەژیر: نەخەیر، نەخەیر گشتیان دەوڵەتین، گشتیان بیٚ ئینسافن، گەشتیان نەقشی عومدەیان پرۆپاگەندەیە. }.

*

وێژەری رادیۆ زایەڵە، دەڵێت: **دەگوتریٚ** کە سەرۆکایەتی ئەو تیمەی کە سەددامی گرت...

ئەگەر وەک هەواڵێک بەیان بکرێت، پێویستی بە وشەی دەگوتریٚ نییە!

کە دروستەکەی بەو جۆرە دەبێت:

سەرۆکایەتی ئەو تیمەی کە سەددامی گرت ...

هەروەها دەڵێت:

**بەڵام هێزەکانی ئەمریکایی ئەم دەنگۆیەیان جاریٚ پشتراست نەکردوەتەوە**

چ پێویست دەکات کە وشەی دەنگۆ بەکار ببرێت؟

سەبارەت بەو بەشەیش کە هێزەکانی ئەمریکا ئەو دەنگۆیەیان پشتراست نەکردوەتەوە.

وەک دەزانین ساڵی ١٩٩١ دەوڵەتی ئەمریکا دەوڵەتانی ئوروپا... بەشداری جەنگێیان کرد بۆ وەدەرنانی ئێراق لە کوێت، بەڵام لە کۆکردنەوەی دەسکەوتی سیاسی ئەو جەنگەدا، ئەمریکا ئامادە نەبوو کەس بکات بە

www.kurdistannet.org

شەریکی خۆی. هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی سەددام، ئەمریکا هەمان سیاسەتی گرتە پێش.

راستی ئەگەر کورد خۆی بەشداریکردنی لە دەسگیرکردنی ‹ سەددام›دا رانەگەیاندایە، چاوەروانی ئەوە دەکرا، کە ئەمریکا باسی بەشدار بوونی پێشمەرگەی کوردستان بکات، کە وێژەری رادیۆ زایەڵە بەو شێوە هەواڵەکە بڵاو دەکاتەوە..!؟

رادیۆ ‹ پژواک› کە رادیۆیەکی رەسمی فارسی دەوڵەتی سویدە و لە هەمان شەپۆلی رادیۆ زایەڵەوە بەرنامەکانی پەخش دەبێتەوە، سەبارەت بە گرتنی سەددام تا ئەو جێگەی لە یادم بێت رۆژی دوو شەمە ٢٠٠٣/١٢/١٥بوو پێم وابێت بەو جۆرەی باس کرد:

## هەواڵی گیرانی سەددام لە لایەن جەلال تاڵەبانی یەوە بڵاو کراوەتەوە.

لە گەڵ ئەوەدا رۆژنامەکانی (Dagens nyheter ,DN)و(CITY) لە سوید ئاماژەیان بە بەشداریکردنی کوردەکان لە گرتنی سەددام دا کردووە، لە هەواڵەکەی رادیۆ پژواکدا پێم وابێت باسی بەشداریکردنی کوردەکان نەکرا.

*

بەرێز دوکتۆر(کەمال مەزهر ئەحمەد) لە یەکەم لاپەڕەی کتێبی ( رێنیسانس)دا بەو جۆرەی نووسیوە:

( لە خۆڕا نەبوو پێشەنگی دەستەی رووناکبیری ‹ چەرخی بوژاندنەوەی کورد› لە گەلێک دەرگەیان دەدا، تیایاندا هەبوو لە یەک کاتدا زانای ئایین وئەدیب و مێژوونووس و **رۆژنامەنووس** و پیاوی کۆمەڵ وسیاست بوو. قازی محەمەد و جەلادەت بەدرخان و مەلای گەورە و ئەمین زەگی و پیرەمێرد و حسەین حوزنی موکریانی و رەفیق حیلمی لەو کەڵانەی کوردن کە وەک نەمرانی رۆژگاری رێنیسانس لە پێناوی وریاکردنەوەی گەلدا بۆیان بکرایە خۆیان دەکرد بە کونی دەرزیدا.)

مەبەستی کاک ناسری ژورنالیست، لەو کارەدا هوشیار کردنەوەی گەلی کوردە، یا ئەوەی کە رۆڵی کورد لە دەسگیرکردنی سەددام دا بە کەمبەها هەڵسەنێنن ؟!

وەک دەزانین چەند ساڵ پێش تیمێکی **فوتبالی** ئێران لە ئەمریکا سەرکەوتینی بەدەست هێنا، رووناکبیران و ئەو کەسانە کە لە کاری ژورنالیستی وەک ژورنالیست ئازاد و وەک ئەوانەی کە لە رادیۆکانی ئەمریکا و ( BBC) و ئاڵمان .... بوون چۆنیان باس دەکرن چۆنیان پیا هەڵدەدان. ئیمساڵیش دوو ‹**دووچەرخە سواری**› ئێرانی هاتنە ستۆکۆڵم، رادیۆ فارسییەکان هەر ئەوە مابوو کە کرنۆشیان لە بەر بەرن و تایەی پاسکیلەکانیان ماچ بکەن. ئەو کارە نەک کارێکی بەد نییە، بەڵکو کارێکی سودبەخشە و بۆ ئەوەیە کە هاندان بدرێن تا سەرکەوتنی زیاتر بەدەس بێنن!

هەر لەم ساڵدا خەلاتی نۆبل **بەخشرا** بە خانم شیرین عیبادی. شیرین خانم



لە سەر ئەو باوەڕەیە ئاغای (**مەحمەد خاتەمی**) شایستەی ئەوە خەلاتەیە. هەموو کەس دەزانێت کە کارنامەی خاتەمی، بەشێکی گرنگە لە کارنامەی دەوڵەتی ئیسلامی ئێران کە سەرتاپا جەنایەت و کوشت و کوشتارە، بەلام دەبین ماسمێدیا چۆن ئازادیخوازێکیان لە خانم عیبادی ساز کردووە. ئەوە کار و دید و بۆچوونی فارسەکانە بەرانبەر بە خۆیان، ئەوەیش کاری ژورنالیستەکانی خۆمانە بەرانبەر بە گەورەترین دەسکەوتی سیاسی کە بەو شێوە دەجووڵێنەوە.

شیعرێکی جوانی فارسی ئەڵێت :

نیش عقرب نه از بهر کینه است
بلکه اقتضای طبیعتش اینست

به هیوای ئەو رۆژە ئێمەیش هوشیار بینەوە، هەروەها بە هیوای ئەو رۆژە کە ماسمێدیا رۆڵی دژی کوردییەکەی بگۆڕێت، وەک **بەڕێز کاک هەژیر تەموریان ئاماژەیان پێکردووە بێت بە پابلیک سرویس**!

سەعی سەقزی ٢٠٠٣/١٢/٢٣